30-1-2006 20:22 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بۆچیی مستەفا خەلیل پاکانە بۆ دەسەڵات دەکات؟ ... کۆمیتەی ئوسترالیای کەمپەین بۆ ئازادیی د. کەمال سەیید قادر**

بەڕیز مستەفا خەلیل بەڕێوەبەرو بێژەری رادیۆی ئێف ئێم 2000 ی شاری سیدنی لە ئوسترالیا، لەدوای چاوپێکەوتنەکەی بۆتین لەگەڵ د. کەمال سەیید قادردا، لە کورتە راپۆرتێکیدا لەسەر دۆزی د. کەمال، بێ هیچ بۆنەیەک، لەخۆیەوە کەوتووەتە وێزەی کەمپەینی ئازادیی بۆ د. کەمال و پێیوایە شۆڤینزمی تورک و عەرەب وفارس سوود دەبینێ هەروەها پێیوایە ئەجێندای کەمپەین بۆ سووکایەتی کردنی کورد و سەرکردایەتی حیزبە کوردییەکانە. لەوەش زێتر دەرواتو دەڵێ هەر ئەم کەمپەینە سبەینێ لەسەر د. کەمال دەکەونە نووسین و رەخنە لەد. کەمال دەگرن.

بەداخەوە کاک مستەفا خەلیل لەبری ئەوەی لەو گەمە موخابەراتییانە بگات، کەلەسەر پشتی د. کەمالی زیندانییەوە تێدەپەڕێنرێ، ئەویش دێت پاکانە بۆ دەسەڵاتی سیاسیی دەکات و لەزمانی دیلێکی ژێردەست و بێ ئیرادەی ناو گرتووخانەوە، رەوایی بە بۆچوونە تایبەتییەکانی خۆی دەدات.

.

ئێمە وەک کۆمیتەی ئوسترالیای کەمپەینی جیهانیی بۆ ئازادیی د. کەمال لە کاک مستەفا دەپرسین، ئایا خۆپیشاندان و نارەزایەتیی دەربڕین و ئاگادارکردنەوەی نێوەندە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و ئازادیی بیروڕادەربڕین بۆ ئەوەی گوشار بخەنە سەر پارتیی، تا د. کەمال ئازاد بکات، خزمەتکردنە بە شۆڤینیزمی داگیرکارانی کوردستان؟، یان ئەو شێوازەی دەسەڵاتی سیاسیی کوردیی لەماوەی 14 ساڵی رابردوودا مامەڵەی کردووە لەگەڵ هێزو هاوکێشە ناوچەییەکاندا کە خەرمانێک نموونەمان لەبەردەستدایە.

کاک مستەفا، وەک نەتەوەییەکی کورد، ئەوەندە ئیمۆتیڤییانە بۆ ئەم رووداوە دەڕوانێت، لەنێوان قوربانیی و جەلاددا، شتێک ناهێڵێتەوەو پارتیی کە دەستپێشخەرە لەم سەرکوت و پێشێلکارییەی مافی مرۆڤ لەکوردستاندا بەم ئاستە سامناکە، پارتیی بە قوربانیی دەبینێتەوە کەمپەینیش بە تاوانبار، لەکاتێکدا کەمپەین بەرهەمی ستەم و جەوری دەسەڵاتی سیاسییە و جگە لە ئازادکردنی د. کەمال بە بێ بەندومەرج هیچ ئەجێندایەکی تایبەتی تری نییە.

کاک مستەفا، هەموو ئەو قسانەی د. کەمالی پشتگوێ خست، کە باسی لەرفاندنەکەی کرد و باسی لە مامەڵەی خراپی وەزیری مافی مرۆڤی پارتیی دیموکرات دەکردو هەروەها ئەو هەموو سووکایەتییانەی باسناکرد کە بەسەرد. کەمالدا هاتوونە، هەروەها باسی ئەو دادگاییە چەند خولەکییەی نەکرد کە بە گاڵتەجاڕییترین دادگای ناوچەکە دێتە ئەژماردن. خۆزگە کاک مستەفا خەلیل پەلەی ناکرد لە خوێندنەوەی پێشهاتەکانداو وەک رۆژنامەنووسێکی بێلایەن ناکەوتە هەڵەیەکی لەم چەشنەوە، کەجگە لە پارتیی دیموکراتی کوردستان، هیچ سوودێکی بۆ کەسیتر نییە.

کۆمیتەی ئوسترالیای کەمپەین بۆ ئازادیی د. کەمال سەیید قادر

2006-01-29

ریپۆرتاژەکەی کاک مستەفا خەلیل لە سایتی رادیۆی FM 2000 دا بڵاوبووەتەوە، ئەمەش لینکەکەیەتی

http://home. swiftdsl. com. au/%7Eardawan/temp/kurdi04-04-08. ram